# وەڵامێك بۆ بەڕێز كاك ئەمیر قادر

**عەلی مەحمود محەمەد**

وەڵامدانەوەی من لە ئستادا بۆ بەڕێز ئەمیر قادر تەنها پەیوەندە بەو بەشەی كە پەیوەستە بە دراوەوە , ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم دروستكراوەی مرۆڤ ئەوەندە بۆگەنە هەموو كەس سینەی خۆی لەسەر دەكوتێت , تەنانەت ئەوانەشی كە گۆشتی دەسەڵاتیان پێ حەرامە لەسەر ئەم چەلاوەی قژە ڕنێ و سینگە كوتێ دەكەن , ئەگەر قسەكانی دیكەی بەڕێزی زانیم پێویست دەكات لە داهاتوودا یەك دوو وشەیان لەسەر دەنووسم , ئەگەریش نا ئەوە ڕۆژگار لە بیریان دەكات , هەرچەندە ئەو تۆهمەتانە تازە نین و دەستەی چاودێری چاك كە هەموو لە قەڵەمە ناسراوەكانی بواری نووسینی كوردین لە كاتی خۆی وەڵامیان پێ داوەتەوە , جاری دیكەش بەڕێز كاك ئەمیر لە ناو چاك شتی لەم چەشنەی بۆم هەڵبەستا لەسەر ئەم كائینە پیسە كە ناوی دراوە , بەڵام هیچی بە هیچ نەكرد , ئیمەیلەكانی لە لام پارێزراون .

ئەوەی تۆزێك خۆی ماندوو بكات دەزانێت تەنها لە چەند مانگی ڕابردوو چەندین جار لیستی داهات و خەرجی چاكمان لە سایتەكان بڵاو كردۆتەوە , وا بزانم هیچ ڕێكخراوێك نییە لە كوردستان داراییەكەی بەم شێوەیە ئاشكرا كاری تێدا بێت , وە ژمارەی چالاكییەكانی زیاتر بێت لە ژمارەی دۆلارە خەرجكراوەكانی .

پارساڵ بە نامەیەك تایبەتی داوام لە پەرلەمانی كوردستان كرد بۆ كرێی پارێزەر كۆمەكی چاك بكەن , ئەوانیش داخوازەكەمانیان بەجێ گەیاند و 4000 دۆلار كۆمەكی چاكیان كرد لە ڕێگەی بەندەوە , برای موسڵمانمان كاك محەمەد فەرەج بەم كارە خێرە هەڵسا و خودا پاداشتی خێری بداتەوە , ئەو 4000 دۆلارە درا بە ناوەندی چاك بۆ دۆزی ئانرات بە تایبەت بۆ كرێی پارێزەر .

لەو 4000 دۆلارە , 2000 ئیرۆم كردە سەر ژمارەی بانكی پارێزەرەكە , وە جارێك 400 دۆلار , جارێكی دی 300 ئیرۆم بۆ س خەرجكرد , سەرباری هەندێك پارەی پرینت و خەرجی هاتوچۆی دروستكردنی فلمێك , كە لە ناوەڕاستی ساڵدا وەك نەرێتێكی باوی چاك هەموو لیستەكە لە سایتەكانەوە بڵاو دەكرێتەوە .

ئێمە وەك ناوەندی چاك لەم خولە بۆ پرۆسەی دادگایی ئانرات تەنها ئەو 4000 دۆلارەمان وەرگرتووە وە پێویستیشمان بە زیاتر نەبووە تاكو لە كەس داوای بكەین , ئەگەر بەڕێزی كەسێكی دی پێ شك دێت بۆ ئەو كەیسە هاوكاریمانی كردبێت با ئازاد بێت و ناوی بهێنێت , دەنا ڕۆژانە سەدان و هەزاران قسەی بێ بنەمای وا دەكرێت و دەگوزەرێت لەم كوردستانە , ئەمیش دەچێتە پاڵ ئەوانە , كاك ئەمیر ئێستا سڵ دەكات ناوی بەڕێز حەیدەر فەیلی بهێنێت گوایە بۆ ئەو كارە یارمەتی چاكی داوە , بەدەم ئەوەی بەخۆم وت , كە لە ڕاستیدا كاك حەیدەر باوەڕ ناكەم ناوی ئانراتی هەر بیستبێت , ئەو ئەوەندە دەزانێت چاك چالاكە و پارەی نییە و عەلی تیایە و لە مانگانەكەی خۆی جار و بارە یارمەتی دەدات , لەو كاتانەی شك دەبات یەكێك دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا , پاشان ئێمە وەك ناوەندێك نە دیلی كاك ئەمیر قادرین نە كەسی دی

بۆ وەرگرتنی کۆمەك , ئەوێك  کە گۆشتی ئەو حیزبانەی پیٚ گلاٚوەو  نا یخوات , شیوەن و ڕۆ ڕۆی چییەتی لەسەر چەلاوەکەیان  .

من بە برادەرانم وت : ئەگەر ئەو پارەیەی کاك ئەمیر داوای دەکات   بۆ پارێزەرە , با بزانین پارێزەرەکە چیمان بۆ دەکات , نەك ئەوەی لام ماوە بەڵکە چیمان هەیە و هی دیکەش پەیدا دەکەین , با لە ژمارە حیسابی چاکەوە بچێتە سەر ژمارە حیسابەکەی , ئاخر ئەوێك خۆی بە ئەندامی چاك نازانێت و لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئیستقالەی کردبێت پێویست ناکات دارایی خۆمانی تەسلیم بکەین , هەرچەندە بە کاك مارتینم وت " ئەگەر دەتەوێت کارتی بانکی چاکت بۆ دەنێرم "  , ئەگەر هەر کەسێکی ژیر لە ئەلف و بای کاری ڕێکخراوەیی بزانێت پشتگیری ئەم بۆچونەم دەکات  , هەرچەندە کوردە قوربانییەکان هۆڵەندا وزارەتی دادی هۆڵەندی و ئەوانەی لە کوردستانی خۆرهەڵاتەوە هاتوون کۆماری ئیسلامی ئێران هەقیان دەدات  بە پارێزەرەکە با ڕاستییەکان نەشێوێنین , کاری ئەو پرسە گەورەیە کە وزارەتی دادی هۆڵەندی پێی هەڵساوە  بەم پارە بچووکەی  ئێمە ناچێتە پێشەوە .

وشە بەلاشە و  هەموو کەس دەتوانێت بە سانایی بینوسێت و بیکات , بەڵام ئەگەر لە ڕاستییەوە دوور بوو بە ئەندازەی قەبارەی و کێشی  وشەکان کار لە سەر داهاتووی وشەکانی  خاوەنەکەی دادەنێت , بۆیە ئەوانەی ژیرن تاکو نەگەن بە ڕاستی یەقین نایکەن  , منیش لە وشە و نووسینەکانی بەڕێزم کاك  ئەمیر قادر یەك زەڕە باکم نییە , با هەرچی کاغەزی دنیا شك دەبات لەسەر من پڕی بکاتەوە , هەرچەندە خۆم لە شەڕی من و ئەو دەپارێزم  , هەموو سکاڵاکەران , کوردەکانی هۆڵەندا دەزانن ئەوەی خۆم و خوناو و سەرجەم منداڵەکانم لە پرسی ئانرات کردوومانە بایی ئەوە هەیە لە داهاتوودا قچەك شانازی پێوە بکەین , وەلیٚ بە پێی بەڕەکەی خۆشم بەشدارییەکەم باس دەکەم , بەشی من بەشێکە لە جەستەیەکی بچووك لە کۆی دادگاییەکی گەورە , ئەسڵی کێشەکە حکوومەتی هۆڵەندایە هاووڵاتییەکی خۆی بە تاوانی هاوبەشی لە ژینۆسایدکردنی گەلی کورد دادگاییکردووە , ئاو بێنن و دەست بشۆن .

بۆ کەمپینی 18 کچەکەش چاك یەکەم ڕێکخراو بووە کاری لەسەری کردووە , لە ئەرشیفدا هەموو هەوڵەکانی پارێزراون , ئاشکراشە کیٚ پێی هەڵساوە و ئەوانە کێن کاریان لەسەر کردووە  , کە کەمپینیشی ڕێکخستوە , بە چاك و بە خراپ نە سورەت قەیدی ئەو 18 پاکیزەیەمانی بەکار هێناوە لە خۆپیشاندانەکان , نە ئاگاشمان لە بوونی هەبووە , نە تاکو  ئێستا دیویشمانە , نە باوەڕیشمان بەوە هەبووە بەو زنجیرە خۆپیشاندانەی ئێمە دۆزەکە سەردە کەوێت , چونکە ئێمە لە وەهما ناژێین , بەڵکە باوەڕمان بە کاری درێژ ماوە هەیە .

هیوادارم ئەمە دوا نووسینم بێت لەم بوارە , چونکە ئەم شێوە نووسینانە , لە کاتی نووسین و وەڵامدانەوەش زیان بە خاوەندەکانیان دەگەیەنێت  .